کورتەی ژیانامەی پێغەمبەر

نوزاد

بە هۆنراوە

محسن احمد مصطفى

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

کورتەی ژیاننامەی پێغەمبەر

کورتەی ژیاننامەی پێغەمبەر

بە هۆنراوە

محسن احمد مصطفى

چاپی دووەم

تفسیر

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی پەرتوک: کورتەی ژیاننامەی پێغەمبەر بەهۆنراوە
ناوی نوسەر: موحسین ئەحمەد موستەفا
بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
تایتلی بەرگ: نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: دووەم ١٤٢٦ك ٢٠٠٥ز
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارە (٣٧٥) ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

تەفسیر
هەولێر- شەقامی دادگا- ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨ - ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ — ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس وستایش بۆ پەروەردیگاری جیهانیان ودرودو سلاَو برژێ بەسەر باشترین دروست کراوانیدا (محمد)و یارو شوین کەوتوانی .

برای بەرێزم (محسن احمد مصطفی)بەکاری هۆنینەوەی ژیانی پێغەمبەری نازدار هەستاوە : کاتێك چاوم پیادا خشاند ولێی وورد بوومەوە بینیم کورتەی ژیانی پێغەمبەرانی لەخۆ گرتووە : هەرلەکاتی لەدایك بوونیەوە تائەو کاتەی گەیشتەوە بەپەروەردگاری خۆی ، هەروەها کورتەیەکی لەجەنگ و سەرکەوتنەکانی و حەجکردنی لەخۆ گرتووە ، هەموو ئەمانەیش بەدەربرینێکی کوردی رەسەن وسادەی بە کێش و سەروا دەربڕیوە ، ئیدی بەگشتی ئەم هۆنراوەیە شایستەی ئەوەیە لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (علیه السلام) بخوێندرێتەوە .

طیب عبدالله سلێمان
پێش نوێژو مامۆستا لە قوتابخانەی ئەهلی
لەگوندی بەحرکە
١٩٩٥/٨/١٦

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ خوای گەورە کە شەرەفمەندی کردین بەناردنی دواهەمین پێغەمبەر، بەڕۆشنایی هەڵهاتنی لەتاریکی رزگارمان بوو، و درودو سلاَو برژێ بەسەر ئەو کەسەی خۆریی چاکە خوازی هەردوو جیهانی تەنیوە : گەورەمان محمد(ﷺ) دواهەمینی پێغەمبەران و هەروەها درودو سلاَو برژێ بەسەر کەس و هاوەلاَنیدا و ئەوانەی شوێن بەرنامەکەی کەوتوون تاڕۆژی دوایی :

برای بەڕێزم! ناسراو بە ڕاستگۆیی وەفا (محسن احمد مصطفی) شەرەفداری کردم بە چاوخشاندن بە هۆنراوە کوردیەکەیدا کەلەسەر ژیانی باشترین دروستکراوەکانی خودا (علیه السلام) هۆنیویەتیەوە ، پاش خوێندنەوەی بۆم دەرکەوت نوسراوێکی کۆکراوەیە بۆ توێژینەوەی مێژووی پێغەمبەرمان : هەر لەدایك بوونیەوە تاکۆچ کردنی بۆ شام و بەشداری کردنی لەبنیات نانەوەی کەعبەی پیرۆز دا، هەروەها ئەو ڕووداوانەشی لەخۆ گرتووە کەلە ڕۆژگارەکانی ژیانیدا تێیدا ژیاوە ، سەبارەت باوەڕی یەکەمێن نەوەی ئیسلامیو ناڕەحەت کردنیان لەلایەن بێ باوەڕو هاوەڵ پەیداکەرانەوە ، هەروەها کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ حەبەشەو ئەو شتانەی لەژیانی بەڕێزیدا تووشی هاتووە وەك دەست پێکردنی سروش وکۆچ کردنی بۆ (طائف) ، وباس کردنی شەو ڕەوی و بڵند بونەوە(الاسراءوالمعراج) ، وکۆچ کردن بۆ مەدینەی پرشنگدارو بەشداربوونی لەغەزاکاندا ، بەدرو ئوحدو خەندەق و حودەیبیەو خەیبەرو کردنەوەی مەککە ، ئیدی کۆتایی پەرتووکەکەی بە باسکردنی حەجی ماڵئاوایی و وەفات کردنی ئەم خۆشەویستەیە کەخودا ویستی وابوو دوای پەیامی پێغەمبەرانی پێ بهێنێ ، هەموو ئەمانەش

لەپەرتووكــە بــاوەڕ پێكراوەكــانی ژیــان وبەســـەرهاتی پێغەمبـــەرەوەی وەرگرتووە ، وەك (سيرة ابن هشام الانصاری، فقه السيرة للبوطی، ونور اليقين للخضری، ومع الانبياء لعفيف طبارة و، ژیـانی پێغەمبـەر بـەزمانی كوردی لەدانانی شێخ محمدی خاڵ).

جـا لەڕاسـتیدا ئـەم نووسـراوە شـایەنی ئەوەیـە لــەنێوان ڕۆڵـەكانی ئیسلامدا بلأوبكرێتەوە و لەبۆ نەئاینیەكاندا بخوێندرێتەوە ، تاوەكو بـەم هۆیــەوە رۆشــنایی بــاوەڕ رۆژهــەڵات رۆژئــاوای ســـەرزەوی بەتــەنیو راستیەكانی بۆ هەمووان ئاشكرابێ، لەهەركوێیەك بن وهەرچیەك بن .

لەكۆتاییدا داواكارم لەكردگاری بەرزو بەتوانا دانەری ئـەم نووسـراوە سەركەوتوو بكات لەوەدا كەخوا خۆی پێی خۆشە و پێی ڕازیـە ، وئـەم نامەیەش بكاتە توێشووی خۆیو دایك وباوكی لە ڕۆژی دواییدا .

لــەكوتاییدا دواهـــەمین پاڕانـــەوەمان ســـوپاس وســـتایش كردنـــی پـــەروەردگاری جیـــهانیان وســـڵاو درووودبـــڕژێ بەســـەر باشـــترین بەدیهاتووەكانی خوای گەورە محمد (ﷺ) وهەموو نەوەكانیدا !.

طاهر مەلا عبدالله سلێمان
پێش نوێژو مامۆستا لە قوتابخانەی ئەهلی
لەگوندی بەحركە
٢٢/صفر/١٤١٤هـ ١٠/٨/١٩٩٣ز

پێشەکی چاپی یەکەم

سوپاس و ستایشی بێ سنووری لەرادە بەدەر ، گوتراوە بەزمانی فریشتەو کەسانی ڕەوشت بەرزوراست ورەواو بیرەوەر ، هەروەها نووسراو بە نوکی خامەی ڕۆشنبیرانی ڕێی قورئان وبەهرەوەر ، رازاوە بە وشەی جوانی زانایانی حەق پەروەر ، بوتو ئەی خودای تاك وتەنیای خاوەن توانای داهێنەر ، هەروا درودی زۆری بێ پایەن ، بباریێ بەسەر خوشەویستی خوای بەخشندەو میهرەبان (محمد المصطفی)رابەرو پێشەوای پەریو ئینسان ، هەروا بباریێ بەسەر ئەو پێغەمبەرانەی کەوا ڕەوانەکراون بۆ رووناکی ڕێی هەردوودنیا لەلایەن یەزدان ، هەروا لەسەر ئەو یارو یاوەرانەی درێغیان نەکرد لەپشتیوانی لە ئیسلام وئیمان .

بێگومان مەبەست لەیادکردنەوەی هەر پێشەواو ناودارێك، بۆ لەبەر چاوگرتنی رێبازەکەیەتی ، گەورەترین نیعمەتی خوداش بەسەر ئێمەوە رێبازی خوشەویستمان (محمد) ە ، بەچرای ئایینی ئیسلامی پیرۆز ، جیهانی رووناك کردەوە ، کومەڵی ئادەمی رزگارکرد . لەبت وبت پەرستی و دیلی و شتی پڕو پووچ ، دەرگای خوا پەرستی و باوەڕو یارمەتیو برایەتیو ڕەوشت بەرزی کردەوە ، تەرازوی دادی هەڵواسی . بناغەی ئاشتی وتەباییو دەست پاکیو یەکسانیی دامەزراند ، فەرمانی بەزانست ووریایی هۆشمەندیوهێوریو بێ گەردی کرد، بۆ هەموو موسڵمانێك جوان ورەوایە بەرامبەر بەم نیعمەتە، لەڕۆژو مانگی لەدایك بوونی ئەم پێشەوایە مەزنەدا ئاهەنگ بگێڕێ ، خواردن و شیرینی ببەخشێ ، بیکا بەڕۆژێکی پڕ لەشادی ، هەروا لەڕۆژەپیرۆزانەدا پێویستە زیاتر لەژیان وبەسەرهاتەکانی بگەین ، بەمەلەوانی کردن

خۆمان نقومی دەریایی قوڵی ژیان و ڕێبازەکەی بکەین و دووڕ و مرواری بەدەست بێنین، لەکانیاوی بەخێرو پڕ بەرەکەتی ئایینی پیرۆزی بخۆینەوە ، بەلآم بەشێوەیەکی شەرعیانەو لەبازنەویاد کردنەوەیەکی ڕەوا بەڕێوە ببرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ، من زۆر لەمێژبوو دەمویست بەکورتی و بەزمانی شیرینی کوردی ، بەپاڵپشتی چەند سەر چاوەیەکی بڕوا پێکراو و بێگومان ، بەهونراوە لەژیان و بەسەرهاتەکانی بنووسم ، بەشێوازێکی تازە لەگەڵ سەردەمی ئیمڕۆ بگونجی و سوود بەخش بێت .

پشت بەخوا توانیم ئەم هۆنراوەیە بەرهەم بێنم بەهیوای ئەوە ی ببێتە ڕێگایەك بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن و جێگای خۆی بکاتەوە لەدڵی خوێنەرو گوێگرانی خوشەویستی کورد زوباندا .

دانەر

محسن احمد مصطفى

گوندی بەحرکە

پێشەکی چاپی دووەم

سوپاس وستایشی بێ سنووری لەرادەبەدەر ، گوتراو بەزمانی فریشتە وکەسانی ڕەوشت بەرزو راست ورەواو بیرەوەر ، هەروانوسراو بەنوکی خامەی ڕۆشنبیرانی ڕێی قورئان وبەهرەوەر ، رازاوە بەووشەی جوانی زانایانی حەق پەروەر ، بۆ تۆ ئەی خودای تاك وتەنیای خاوەن توانای داهێنەر ، هەروا درودی زوری بێ پایان، ببارێ بەسەر خوشەویستی خوای بەخشندەو میهرەبان (محمد المصطفی) رابەرو پێشەوای پەری‌و ئینسان، هەروا ببارێ بەسەر ئەو پێغەمبەرانەی کەرەوانکراون بۆ رووناکی هەمووکەس وکومەڵانی جیهان ، هەروا لەسەر ئەو یارو یاوەرانەی درێغیان نەکرد لەپشتیوانی ئیسلام وئیمان ، بیگومان لەدایك بوونی (محمد) صلی الله علیه وسلم بوونی بەپێغەمبەر مژدەیەکی خۆش وپیرۆزی خودایە بۆ هەموو کەس ونەتەوەیێك ، هەرکیشوەرو دەڤەرو بەندەرێك پرشگەنگ و وتریسکی ئاینی ئەم خوشەویستەی بەرکەوتبێ شارستانی‌و تەبایی و سەربەخۆیی‌و کەسایەتی لەنێواندا بەرپابووە، ئەوەی هەژی گوتنەو پێویستە بەئاماژەبۆکردن ئەمەیە لەو ڕۆژانەی دەوڵەتی میدیای کوردی لەناوبردراو شکستی پێهێنرا کورد کەوتە ژێر چەپوك و راپۆسلانی ئیمبراتوریەتی ساسانی رۆمانی ، زۆربەی شەڕۆ ململانی ئەم دوو داگیرکەرەش هەرلەکوردستاندا بووە کورد هەرباجی دابەشکردن وداگیرکردنی ولاتەکەی نەداوە ، بەڵکو لەنێوان بەرداشی ئەم دوو

دەوڵەتە زل هێزە ژیانی کەلتور و بوونی لەمەترسیەکی بەردەوامدا بووە ، تازۆر لەنیشانەکانی نەتەوایەتی لەدەستدا ون بون .

بەلآم هاتنی ئەم پێغەمبەرە مەزنەو بەئیسلام بوونی کورد لەڕێگای هەڵبژاردنی ئاشتی‌و بیرکردنەوە لەڕێی ڕاستی ئەم زاتەتوانی بڕوابێنێ بەخوای تاك و تەنیای خاوەن تواناو خۆشی ڕزگار بکا لەلەناچوون و لەبت پەرستی‌و ئاگر پەرستی ، هەروا ئاشنا بوونی بەبوونی نەتەوەی خۆیی و بەشدار بوونی لەهزروبیری شارستانی سەردەم ، بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەش وادەر دەکەوێ کورد زۆر بەدڵنیاییەوە پێشوازی لەم ئاینیەکردووە زۆربەی هەرە زۆری شارە کوردیەکانیش ڕوبەڕوی لەشکری ئیسلام نەبوونەتەوە ،هەر شەڕێکیش ڕووی دابێ دەگەڵ کورد نەبووە لەگەڵ دەسەلآتی داگیرکەری ساسانی و ڕوومانی بووە ، هەرچەند لەنێوان ئەم دوو لەشکرە کەسانی کوردیش هەبووە ، هەندێکیان فەرماندە وکاربەدەست بوونە . بەلآم بەرگریان بووئەم دەولەتە بووە ، چونکە ڕەوشی ئاینی‌و سیاسی کورد بەر لەئیسلام بەچەند سەدەیەك بونێکی وای نەمابو میلەتێك بوون بەنەتەوە و ئاینەوە داگیرکرا بوون وەك پاشکۆ وابوون بۆ ئەو دوودەوڵەتەی ناوبراو . جالەپاڵ ئەمانەی باسمان لێوە کردن دەتوانین بڵێین : مەبەست لەیادکردنەوەی هەرپێشەواو ناودارێك بوو لەبەر چاوگرتنی ڕێبازەکەیەتی ، گەورەترین نیعمەتی خودا ش بەسەر ئێمەوە ڕێبازی خوشەویستمان (محمد) ە درودی خوای لێبێ .

بەچرای ئاینی ئیسلام جیهانی ڕووناك کردەوە ، کۆمەڵی ئادەمی ڕزگارکرد لەبت پەرستی و ئاگر پەرستی ودیلی‌و شتی پڕ و پوچ ، دەرگای خوا پەرستی وباوەڕو یارمەتی‌وبرایەتی و ڕەوشت بەرزی کردەوە ، تەرازوی دادی هەڵواسی ، بناغەی ئاشتی و تەبایی دامەزراند

فەرمانی بەزانست ووریایی دەست پاکیو یەکسانی کرد ، چ جوان و ڕەوایە بەرامبەر بەم هەموو نیعمەتانە لەڕۆژومانگی لەدایك بوونی ئەم پێشەوایە مەزنە سالآنە ئاهەنگ بگێڕین ، خواردن وشیرینی ببەخشین یارمەتی هەژاران بدەین ، هەروا لەو ڕۆژانە خۆمان نقومی دەریایی قوڵی ژیان و ڕێبازەکەی بکەین دوڕو مرواری بەدەست بینین، لەکانیاوی بەخێرو پڕ بەرەکەتی ئایینی پیرۆزی بخوێنەوە ، بەلآم بەشێوەیەکی شەرعیانەو لەبازنەو یادکردنەوەیەکی ڕەوا بەڕێوەبرێ . منیش بۆ مەبەستی یادکردنەوەی ئەم خوشەویستە زۆر لەمێژبوو دەمویست بەکورتی و بەزمانی شیرینی کوردی بەپاڵپشتی چەند سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بەهۆنراوە لەژیان و بەسەر هاتەکانی بنووسم بەشێوازێکی تازە لەگەڵ سەردەمی ئیمڕوی کوردستان بگونجێ و سوود بەخش بێت . پشت بەخوا توانیم ئەم هۆنراوەیە بە رهەم بێنم لەگەڵ چەند گوڕانێك لەهونراوەکانی چاپی یەکەم بەهیوای ئەوەی کە جێگای خۆی بکاتەوە لەدڵی خوێنەروو گوێگرانی خۆشەویستی کورد زوبان‌دا ، داواکارم لەخوای گەورە ئەم نووسراوەم بکا بە توێشووی دایك وباوکی خۆشەویستم لەڕۆژی دواییدا .

دانەر

محسن احمد مصطفى

مامۆستای زمانی عەرەبی و ئاین

ناحیەی بەحرکە

٢٠٠٥/٩/١٢

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

فەرموون لەگەڵ کورتەی ژیاننامەی پێغەمبەرمان محمد (علیە السلام) وگرینگترین رووداوو بەسەر هاتەکانی ژیانی ، (بەهۆنراوە) بەئومێدی ئەوەی لای خوێنەری خوشەویستی کورد زمان جێگەی خۆی بگرێت و لەکۆرەکانی مەولودی پێغەمبەر (علیە السلام) دا بخوێندرێتەوە .

ستایشی پێغەمبەر (ﷺ)

خـۆشـەویسـتم ، ئـەی (مـحـمد)، تـۆ ڕابـەری
لەهەر دەریا ، پێشـەوامـان ، تۆ گـەوهـەری
تۆ ڕووناکی ، هەموو دەریاو، گشت بەندەری
لەدوا ڕۆژدا ، بۆ گەڵی خۆت ، تۆ سـێبـەری
گـوڵـی باغـی ، کردیگـاری، هـەڵـناوەری
لـەبـۆ گشـتمـان ، لـەڕێی تۆیە، بەختەوەری
خۆشەویستی ، تاجی سەری ، تۆ سەروەری
چرای گەشی،گشت کیشوەرو،گشت دەڤەری
داری بڕوات ، لەکـوردسـتـان ، جـوانـەبـەری
لـەڕێـی خـوا ، زۆرت دیـوە، ، دەردەسـەری
لـــەئـازارو، لـەسـتـــەم و، دەربەدەری
هـــاتـــی زۆردار، چاوی چوە پشتی سەری
کـەئەتوی‌دی ، پایەبـەرزو، پێغـەمـبـەری
بـۆ هـەژاران ، پـشـتـیـوانـی ، کـۆڵـنـەدەری
خـۆراگـری ، خـاوەن ڕێزی ، فەرمـانـدەری
بـۆبـت نـەمـان هـەروا بینـی ، بـیـرەوەری
هـەم ئـەمـین و، ڕەوشت بەرز و، بەهرەوەری
ئەتو ڕاستی، لەڕێی قورئان ، حەق پەروەری
ئیتر گـەورەم ، تۆ سەرداری ، تـونـاوداری
خۆشەویستی ، خودای تاك و ، کردیگاری
ڕستەی وشەم،هەرچەند پڕبێ ، لەجوانکاری
چۆن بەموحسین، وەسفت دەکرێ ، بۆ نازداری

*　*　*

باسی لەدایك بوونی پێغەمبەر

موسڵمانینە لــەهەموو ســاڵــێ
بابێتە جــەژن لەهـــەموو ماڵـــێ
بەبۆنەی بوونی ، گەورەو حەق پەروەر
واتــە(محـــمد)پێشـــەوای ڕابـــەر
خێری چاك بکەین چەند بۆمان کــرا
کـــۆ ببینـــەوە ، ببیـــن بەبـــرا
بـــیروبــاوەڕمـــان تــازەکـەیـنـەوە
هاناهەر تەنیـــا هەربۆخوابەینەوە
بەشیعریخۆش وبەوتاری جــــوان
سەلەوات لێـــدەن بەدڵ وزوبـــان
بۆ یەکتر باس کەن چۆن هاتە جیهان
چۆن بوو بەڕابەر بـۆ ڕێگـای ئیمان
فــەرمـــانــی چی بۆ ڕاستی زانیــین
بۆهەڵسووکەوتمان لەسەر ڕێیئایین
بۆ هەموو کـیشوەر کەخودا ویستی
والاکاتــەوە دەرگای خوش بەختیی
خستیەناودڵـــی (عبداللە)ی باوکی
خوازبێنی کردنــی ، ئامینەی دایکی
گەوهەری زاتـــی لەپاش گواستنەوە
جێگیربوولــەلای بەڵــێ لــەم شەوە

(عبدالله) لەدوارێگـــای شام ئەگرێ
بـۆ بازرگـانی لـەرێگـادەمـرێ
پاش مردنی باوکی، رەبـیعی یەکەم
(احمد)پەیدابوو (١٢) بوودووشەم
واتـە ئـامیـنـەدایـنـا ئـەو زاتـە
دڵی زۆر خۆش بوو کەدی ئەوکاتە
(عبـدالـمطلـب) مەلۆتەکەکەی برد
بەرەو کابە چوو تـەوافی پـێ کـرد
لەدوایی حەوتەش ، نـاوی بـۆ دانا
واتـە (محمـد) سـەروەری دانـا
سەڵەوات لێدەن لـەسـەر پـێشـەوا
واتـە (محمـد) پێغەمبـەری خـوا
* * *

بەدایەن دانی (محمد) و مردنی‌دایکی

(ثـویبة) نـــاویٚ ئـــەبوو ئامـــادە
بۆ شیر پیٚدانی چۆن دابـووی وادە
پاشان حەلیمەوە هابـوو پیٚویســـت
کـــرا بـەدایـەن لـەبۆ خۆشـەویست
بردی بۆ لادیٚ لای بـــوو ئـــەومـــاوە
لەپاشـی پیٚنج سـالٚ ئینجا گەڕاوە
لـــەبـــۆدیدەنـــی ، خـالاٚنی بـاوکی
بۆ مــەدینـەی بـرد لەدوایی دایکی
بـــۆ مـــاوەی مـانگیٚ مـاوە لـــەلایان
هۆگـری ببوون هــەمـــوو منـــدالاٚن
لای‌مەدیــنەی یـان خودا وایدەویست
هەرلـەوڕۆژەوە بیٚتە خۆشەویسـت
لـــەگـەڕانـــەوە ، دایکی لـــــەڕیٚگا
مەرگ ڕیٚگای گرد، نەگەشتە جـیٚگا
لـەگەلٚ خـۆی هیٚنا لـەدوا بەرەکـــە
تاکـو گـەیـانـدی بـەشاری مـــەککە
بردی بۆلای خـۆی لـەوکاتە بـاپـیری
بـــەخـــیٚـوی بکـــاونـازی راگـــری
بەلاٚم تەمەنی ، گـەییە هەشت سالـی
باپیریشـی مرد تیٚـك چـووە حـالٚی
لــــەدوایـــــی (ئەبوتالیبی)مامـــــی
بردی بۆلای خـۆی تابـیٚ ئـارامـی
خـــوا وایـدانــابوو لای بوو بەشوان
تـابـاش بـزانیٚ ، شوانی موسلٚمـان

چوونی پێغەمبەر بۆ شام

لــــە بۆ شام دەچـــێ هـــەر بەمناڵی

لەگەڵ مامی دا لــەدوازدە ساڵـی

بوحــەیرەی راهــب کەلێی دەڕوانی

هەروا دەپرسی نـەمـا گـومـانـــێ

دەڵـــــێ ئەم کــوڕە دڵـــی زۆر پاکە

دواڕۆژی هــەیـەوگــەڵـێ ڕووناکە

بـــەمـــامــی دەڵــێ ئاگــاداری بــە

لەهەمووکاتێك زۆرخەم خواری بە

لـــەبــۆ خـەدیجەش بـۆ بـازرگانی

هەم بۆ شام دەچـێ لــەوێوەزانـی

گـەورەی قەشەی شام نسطورا یەکسەر

بەمەیسەری وت،هاوڕێی پێغەمبەر

ئـاگـاداری بـە، گەلـێ لـەم نـاوە

لـەداهـاتـودا گـەورەو بـەنـــاوە

سەلەوات لێدەن لــەسەر پێشــەوا

واتــە (محمـد) پێغەمبــەری خـوا

*   *   *

ڕوخانی کابە بەلافاو و چاك کردنەوەی

کـاتـیٚ کـە روخـا ، کـابـەبــەلافـا و
(٣٥) سـالْ بـوو ئـەو ، گــەورەو بـەنـاو
تــیرەی قورەیشــی، هـەمووان پێــکەوە
لـەگـەلْ یـەکـتری چـاکـیـان کـردەوە
(حجـر الاســود) بــەلاّم چـوّن دانــریٚ
هەریـەك وایـدەویسـت نـاویٚ دەربـڕیٚ
شــانازی دانــان بــەئــەو ببــــڕیٚ
تـاکـو وای لێهــات سـەریـان تێبـڕیٚ
هــەر لــەو کــاتەدا (محمــد) ئەمــین
هــاتـە ژوورەوە ئـەو ڕۆژیـەکـەمین
هەموویان شادبوون کەهات خۆشەویست
ڕازی بوون بەئـەو هەرچونێکی ویست
عەبایەك ڕاخــەن فــەرموی پێغەمبــەر
(حجــر الاســود) دابـنـێـن لــەسـەر
گـەورەی هـەرهۆزێك با سـوچیٚ راگـری
بـەرزی کـەنـەوە لـەگـەلْ یــەکـتری
ئــەوانیـش هــەروا هەموو پـیٚ هەستـان
بەرزیان کردەوە لەجیٚ ی خـۆ وەستان
ئیـنـجـا ئـەم زاتـە ، بـەدەسـتـی پاکــی
لەجیٚ ی خۆی دایــنـا بـوو بەرووناکی
سـەلـەوات لێـدەن لـەسـەر پێشــەوا
واتــە(محمــد) پێـغــەمبـەری خـوا

خوا پەرستی پێغەمبەر

ئەو پێغەمبەرەی گەورەی خاوەن پشـت
باوکی خۆی نـەدی فێریکا ڕەوشــت
نەخــوێنــدەواربو زۆریـش هەژار بـوو
لە ناو گەلێــکیپیــس وبەدکاربـوو
دەچوو بــۆ حـیرا هــەمـوو ڕەمـــەزان
بــۆ پـەرســتنی خودای میهرەبـان
بـیری کـردەوە لــە بـتـی تـاشــراو
دەبــێ نــەمێنیٚ بـچـێـتن لـەنــاو

*   *   *

سەرەتای دەست پێکردنی وەحی

من لەئەشکەوت بووم فەرمووی پێغەمبەر
بەچاو نووستبووم بەدڵ بەخەبەر
فریشتەیەك هات ئادەمی وێنە
پێی وتم (اقرا) واتە بخوێنە
ولاٚمم داوە ، نەخوێندەوارم
ئەویش گوشیمی زۆردای ئازارم
بۆ جاری دووەم دیسان ئەوجارە
پێی وتم (اقرا) منیش دووبارە
خوێندەوارنیمە وتم لەوەلاٚم
هەروا گوشیمی ئینجا بەری دام
سێیەمیش هەروا داوای کرد دیسان
لەبۆیبخوێنم منیش لەترسان
نەوەك پێم بگا دیسان باوەشی
هێزم ببڕی و هەروا بمگوشی
هیچ چارەم نەما زووبەزوو هەڵسام
چاوم کردەوە گەڵێ ئەترسام
بیرم کردەوە حاڵم گۆڕاوە
کتێبێك لەناو سینگم نووسراوە
ئینجا لەئەشکەوت ئەودەم هاتمەدەر
لەبۆ چۆلییان ڕێگام گرتە بەر
لەبەرخۆم ئەموت لەخەو بانگ کراوم
فریشتەی جاران هاتە بەر چاوم
ڕووی خۆم وەرگێرا بۆ هەرلا ئیتر
دەهات بۆ ئەولا لێم نابوو بزر

بەمنی ئـــەوت پێغـــــــەمبـەری خــوا
بــۆلای ئـــادەمــی پێــت بێنـــن بڕوا
سامم زور لـیٚ نیشت چومەوە بۆ ماڵ
لەدوایداپـوشین هەستام بەهەرحاڵ
هەرشــتــیٚ دیبـــوم لـەســـەرەتـــاوە
لەبۆ (خەدیجـە) هــەمــووم گێـــڕاوە
لەوکاتە حالـــم وەك یـــەك گــوڕابــیٚ
دەترسام دەســتــم لیٚ وەشێنــرابـــیٚ
(خەدیجە)ش وتــی خــراپ مــەڕوانــە
خوا شێتت ناكا كــردەوەت جــوانـــە
بـــــەلاّم زانــینــــی ڕاستی مــەڕاقــە
لەگەڵ خۆی بــردی بــۆ لای وەرەقـــە
ئاموزاكەی بـــوو لـــەئینجـیل زانـــا
نیشـــانــی بـــدا نـهێنـــی مانــــا
ئینجا وەرەقەلی ی كرد چەنـد پرسیار
پــاش تێگەیشتن كـــردی ئـاگـــادار
فـەرمـووی جبریلــە هــاتــووە بۆ لات
بـــریـالاو بامە بـــژیـامــە ئەو كـات
بـــەهەمـــوو هێزم یارمەتیــم بـدای
لـــەو ڕۆژەوە كـە، دەربەدەردەكرای
بەلاّم لـەو ڕۆژە مــردنــی بـۆهـــــات
بەچـاوی نەدی چی بوو بەسـەرهات
ســەلـەوات لێـدەن لـەســەر پێشەوا
واتـــە(محمــد) پێغەمبـــەری حــوا
* * *

وەستانی وەحی ودەست پێکردنەوەی

ماوەی (٤٠) ڕۆژی بەسەردا دەڕوا
وەحـــی بۆ نەهات ئینجا لەدووا
فریشتەی یەکەم هەروەکو جـاران
دەبینێتەوە دیسـان لـەترسان
دەچێتـــەوەمـاڵ لەدوای داپـوشین
وەحیدیٚ هەستیلەبۆبانگیدین
بلاو کاتەوە ڕێگای ڕاستـی خـــوا
لەهەموو جێگا پیٚ ی بێنن بڕوا

*   *   *

بانگەوازی دین بەنهێنیی

ماوەی سێ‌ساڵان هەر بەنهێنی
هەر دەم خەریك بوو بەبانگی دینی
بانگەوازی دین زۆر بەکزی بوو
خودا پەرستی هەر بەدزی بوو
تاسەعدی (وەقاص) جاریٚ لەجاران
خەریکی نوێژ بوو، لەگەڵ چەند کەسان
چەند بت پەرستێك لەوکاتەبینیان
بەوتەی ناڕێك لەگەڵیان دوان
دای‌لەیەکێکیان (سەعد)دەست وبرد
پێغەمبەر زانی فەرمانی دەرکرد
بۆ ڕێك خستنی کۆمەڵی پەنهان
چەندکەس بوون هەموو، لەچینی‌گەنجان
لەماڵی (ئەرقەم) کۆدەبوونەوە
بۆ ئەوەی ئایین بڵاو کەنەوە
بۆ هێزی ئیسلام لاوی گیان فیدا
چەند بۆی بکریٚ دەبیٚ هەوڵ دا

*   *   *

موسڵمانه یەکەمینەکان

(خەدیجە) یـەکـەم کەس بوو لـەژنـان
زوو ئـامـادەبـوو، بـوو بەموسڵمان
هـەم(ئـەبـوبـەکـر) لـەڕیـزی پـیـــاوان
یەکەمین کەس بووپیێهێنا ئیمـان
زەیـدی(حـارث) یـش لـەئـازاد کراوان
ئیمانـــی هێنـا هـاتـــە ڕیـزیوان
لـــەنێـوان بەندەکان یـەکەم بیلال بوو
ئیمامی عەلـی یـەکەم منــداڵ بـوو
لەدوای وان (سەعد)و(طلحة)و(عثمان)
هەروا(زوبـەیـرو) هەم (عبدالرحمن)
لـــەگـەڵ چـەنـدی یـر بەکومەڵ وتـاك
ئیمانیـان هێنــا بەدینـی وا پـاك
دوا بـەدوای وان مامیشـــی (حمــزە)
ئـیـمـانــی هێنـا بـەم دینــە بەرزە
*   *   *

بانگەوازی بە ئاشکرایی

ئایەتی (فاصدع) بۆ ئاشکرایی دیین
هاتە خوار ئینـجـا (محـمـد) ئەمـیـن
بانگی دینی کرد زاتـی بـەوەفـا
بـۆئـەومـەبـەسـتـە چوە سـەرسـەفـا
هەروا ڕاگەیاند، بوتـان کەم بەیان
مـن پێغەمبـەرم پێـم بێنن ئیمـان
بەخودا دەمرن زینـدوش دەبنەوە
دواڕۆژیـش هـەیـە هـەروا ژینـەوە
پاداشتان دەبێ ، بەگوێرەی کردار
بـۆ چـاکە: چـاکە، بـۆخـراپـەش : ئازار
جـێـتـان بەهەشتە گەر بێنن بڕوا
گـەرنـا دۆزەخـە لـە ڕۆژی دوا
جـا(ئـەبـولهـب) زۆربـەتـوڕەیـی
وەڵامـیداوە نـەیبـوو شـورەیـی
وتی(تبالك) لەراست خۆشەویست
بۆچیت بانگ کردوین بۆچیت ئێمەویست
بۆیە خـوانـاردی سورەتی (تبـت)
بـۆ خـۆیوژنـی چـۆن بـوو بـەعـیبرەت
سـەلـەوات لێدەن لەسەر پێشەوا
واتـە (محمـد) پێغـەمبـەری خـوا

*　　*　　*

ئازاردانی موسڵمانان

گەورانی مەککە زانیان مسۆگەر
گەورەییان دەڕوا لەبەر پێغەمبەر
ناچار دەستیان کرد بەئازاردانی
نەوەك هەر بەخۆی ، هەم هاوڕێکانی
(بیلال) یەکێك بوو، کەبووبوو بێزار
بەدەست (ئومەیە) ی بەدو تاوانبار
دەیهێنایەدەر لەگەرمی نیوڕان
ئەینا سەرسنگی ، بەردی زۆرگران
بۆوەی لای بدا لەڕێی سەربەستی
بگەڕێتەوە بوو بت پەرستی
بەڵام لەوکاتە هەر دەیوت ئەحەد
بڕوایی پتەو بوو، بەڕۆژی ئەبەد
تا (ئەبوبەکر)لێ یهاتی پرسیار
تاوانی چی یە بۆ ئەیدەی ئازار
(ئومەیە)گوتی گەر ئەتۆی چاری
لەمنی بکڕەوە ، دەبێ ڕزگاری
جاهەر لەوکاتە هات بۆ هیمدادی
ئەو دەم کڕی یەوە دای ڕێی ئازادی
(عمار)یش لەگەڵ(یاسر)ی باوکی
زۆر ئازاردران هەروەها دایکی
بەنو خوزەیمە نەیانبووشەرم

هەر سێیان دەنـان نـاو زیـخـی گەرم

هـەمـوونـێـوەڕۆ، تـابـن پـەشـیـمـــان

بگـــەڕێنـــەوە ســـەر ڕێـــی بـــەدی وان

پێغەمبەرفـەرمووی:بـەرمەدەن ڕێـتــان

ئارامتـــان هەبـــێ بـــەهەشـــتە جێتـــان

لەژێر ئازاردالـــەوکـــات دایـــکی مـــرد

یەکەم شەهید بوو پلەی بـەرزی بـــرد

(خباب)یش هەروابەدەست موشریکان

ئازاری زۆری دی نەیـــمـابـــوو ژیـان

دەلـــێـــدە هــــــەموو ســــەلات ســـەلام

لـەســـەر (محمـــد) ڕابـەری ئیســـــلام

* * *

کۆبونەوەی قورەیش بۆ هەڵخەڵەتاندنی پێغەمبەر

گەورەی قورەیش کەدیتیان بە چاو
ئیســـــلام خــەریکــە دەردەکـاتــن نــاو
بۆ ئەومەبەستە هەموویان هەستان
بـــە کـۆبــوونـــەوە نــەیـان مـا گومان
ڕێگایان ناگرێ چەند بدرێ ئـازار
مەگەر چەنـد شتێـك بــۆیبــدەن بڕیار
جاناردیان بەدوای وتیان ئامادەین
چیت لـێـمان دەوێ تـابـۆت پەیداکەین
گەورەییت دەوێ لـــەئێـمە ئــەگەر
ئەتکەین بـەگــەورە ئێـــمە مســۆگــەر
ئەگەر لەئێمە ئەتـەوێ ســامــان
ئــامــادەدەکـــەیــن ئێـمـە بـەگشتمان
ئەگەر جنۆکە لێیــان کردووی کار
بەئێمە بڵــێ تـابـۆت بـکـــەیــن چـار
پێغەمبەرفەرمووی ئێوە چی دەڵێن
ڕێی ڕاست بەرنادەم چەند بدەن بەڵێن
نەهاتووم بۆ وەی مـاڵـتـان بخـوازم
گەورەیی وسـامــان نــییـە نـیــازم
مــــن پێغەمبــەرم لـەلایەن خـوا
ڕەوان کـراوم پــێـــم بـێـنـــن بــڕوا
گـەر ڕێـگا بگــرن لەهەردوو دونیا
بـەشـادی دەژیــن بـبن دڵـنـیـــــــا
سەڵەوات لێدەن لـەســەر پێشــەوا
واتـــە (محمـــد) پێغــەمبــەری خــوا

یەکەم کۆچ کردنی هەندێ لەموسڵمانان بۆ حەبەشە

بەردەوام گشتیان برایانی دین
لەبەر ئەشکەنجە نەیانمابوو ژین
فەرمانی دەرکرد ئینجا پێغەمبەر
بۆ هاورێکانی هەندێك بچنەدەر
لە بۆ حەبەشە ڕێگای کرد دیار
بەبڕوای پتەو خۆیان کەن ڕزگار
جالەوماوەدائیمامی (عثمان)
هەروا(سوهەیل) وهەم (عبدالرحمان)
(ابوسلمە) هەروا (زوبەیر)
لەگەڵ(موصعەب) دا،کوڕی (عومەیر)
هەروا چەندی تر لەپیاو وژنان
ڕێیان گرتەبەر خاوەنی ئیمان
بەڵام نەچووە سەر، ژیانیهەندەران
کاری لێکردن بیری نیشتمان
لەدوایی(٣) مانگ هاتنەوە یەکسەر
بۆلای پێغەمبەر ڕێیان گرتەبەر

* * *

ئیسلام بوونی ئیمامی عومەر

هەر لەو ماوەدا ئیمـــامـــی (عمـــر)
ئیمـــانـــی هێنـا بـــەئیسلام یەکسەر
بوون بەخاوەن هێز بۆ کابە دەرچوون
گەورەیقورەیشیان زۆرپێ‌تێکەچوون
بـــەهـــەر جـــورێکـــی بەدو بـەدکـردار
هاتبـــا لەدەستیان ئـەیـانـدان ئـازار
بـــــەلاّم ئـازاردان بـەکـەم رووانـین
نابتە بـــەرگـــری بـانگـەوازی دیـــن
خـــوا پشتیوان بوو هەیان بوو بڕوا
دەبوا سەرکەون بـــــەهێزبـــن هــەروا
سـەلـەوات لێـدەن لـەسـەر پێ شەوا
واتـــــە (محـمـد) پێغەمبـەری خـــوا
* * *

هاتنی گەورەکانی قورەیش بۆلای(ئەبو طالب)

کاتی قورەیش لـەڕێگـای ئـازار
زانیان بێ ســوودەچەندی بکەن کار
جاکۆبوونـەوە هـەموو گەورەکـان
لەو گەورانـــەبوو، یەك ئەبوسوفیان
لەبۆلای ئەبوتالب گشت هـاتـن
وتیـــان برازات ئـــابڕون ئەبـــاتـن
بەخراپە دەدوێ لەراست بڕوامان
دەیەوێ تێکدا ڕێگـــای ڕەوامـــان
گاڵتە دەکـاتـن بەعەقڵ وبیرمـان
بـەگـومـڕای دانـــان باب و باپیرمان
پیاوێکیچاك بە،هاتووین لەبولات
وازمان لـــێبێنـــێ، وابکـە بـــرازات
ئێمە چار یەکەین لـەبـەرتۆ بەلاّم
دەستـــی لێ نادەین ئەمـــان وێ وەلاّم
جا (ئەبوتالب) لـەوکـاتـە ڕۆین
پێی وت وازبێنە بە زمانی شیریـــن
بەلاّم پێغەمبەر بـــەدڵ و بـەدەم
بانگیخۆی دەکردنەوەستا یـەك دەم
بوویە ناچار بوون هاتنەوە هەروا
لـــەبـۆ لای مـامـی ، هەتـا وانـــــەڕوا
لەبۆلات هـاتـوویـن ئێمە بەنیـازی

(محمد)مان زوو بۆ بکـــــــەی رازی

ڕێگەمان چیـتر لـێ نەشـێوێنێ

بۆ خۆی دانیشێ وازمـــان لـێ بێنێ

ئێمـە ناچـارین لە ئـێستا بەدوا

ئـــازاری بدەیـــن ئەگـــەر وا بـڕوا

جـا (ئەبوتاڵب) گـۆڕا هەڵـوێستـی

لــــەگەڵ شەڕنەبوو چونکەمەبەستی

لەلای‌ناخۆش بووچۆن خۆشەویستی

دەستـی بۆ درێژ کەن نەگرێ دەستی

بۆ ئەم مەبەسـتە نـاردی بـەشـوێنی

ئـــــامۆژگاری کرد بۆ وەی وازبێنێ

ئەمەی کەبیست ومامـــی وابـیـنـــی

کـاری کـردە ســەر دڵ ودەرونـــی

دەترساڵەوەی کە پشتگـیری نەکـات

کەسی تـــر نـــە یارمەتـی بـــدات

بەڵام هەرچۆن بێ وتـــی‌بەمــامـــی .

بەخـوا کاردەکــــــەم بەبەردەوامـــــی

مامە : ڕۆژ دانێن لەدەستی ڕاستـم

مانگـیش لــەچەپـم نـابێ بوەستم

هاتا ئەو ڕۆژەی خوا سەرم ئەخـــات

یان لەپێناویا من گیانـــم دەڕوات

ئینجـــــا (محمـــد) بــەدڵنیـایـی

بانگی خۆی دەکرد بۆ ڕۆژی دوایی

کەچاری نەکرا وتیان ئـامـادەیـن

(محمد) دەبەین گەنجێکـــی دەدەین

بابێتــە کــوڕت لەجیـــاتی ئەوی

ئێمە هەتاکەی سەر بکەیـــن نەوی ؟

بەڵام مامی چۆن دەکات کـاری کەم

وتی بۆ ئێوە کوڕتان بەخێـــوکەم !

بـــرازام بــدەم ئــەمــن بـــەئێــوە

بۆ وەی بێکوژن ئێوە لـــەجێـــوە

ســەلــەوات لێــدەن لەسەر پێشەوا

واتە (محمد) پێغەمبەری خـــــوا

* * *

کۆبونەوەی قورەیش بۆ گەمارۆی ئابوریی

کوشتنی (محمد) زانییان ناچێتەسەر
هەروا نـاشتوانــن بیکەن دەربەدەر
جابەناچـــاری گاوەرەکان هەستان
لەبۆ گەمارۆی ئابـــووری وەستان
بۆ وەی موســـڵمان گشت ببن بێزار
لەلا پەرەیەك دەریـــان کــرد بـڕیـار
نەڕۆنەلایان نەفــــرۆشــن پێیـــان
وازیان لێ بێنن ، نــــەکڕن لێیـــان
بەنوو(هاشم)یش وەك خاوەن بــڕوا
بەنو (مطلب) ئەوانیـــــش هــەروا
ئەم ئابلۆقەیان وەك وان هات بەسەر
چونکەپشتگیربوون لەبۆپێغەمبەر
بەتەنیا ئەبوو(لهب)ی لێ دەرچـــێ
لەگەڵ بڕیاربووئەو لــەبەر هیچێ
یەکەم پشتگیربوو بۆ گەمـــارودان
خزمیخۆی‌نەویست لەبەرریی‌بەدان
موسڵمان هەموو ماوەی سێ‌سالآن
شپرزە ببون لــــەهەموو مـــالآن
کەوتنە تەنگانەو بێ دەرامەتیـــی
ژیانیان نەمابوو لــەبەر برسێەتی
سەلەوات لێدەن لەسەر پێشـــەوا
واتــە (محمد) پێغـەمبـەری خـــوا

* * *

دووەم کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ حەبەشە

لەبەر ئەشکەنجەو ژینی نـــالـــەبـــار
پێغەمبەر فەرمووی خۆتان کەن قوتار
هەرچەندناخۆش بوولەماڵ چوونە دەر
بـەلاّم نـاچـاربـوون ڕێیـان گرتەبەر
لــــەبــۆ حـەبـەشـەبە زۆری ڕۆیـــین
بەدڵــــی پــاك وڕووناكـــی ئــایـین
لەوكاتە قورەیش ناردیان چەند دیاری
لــەبـۆ نـەجـاشـی نـەكـا هاوكاری
لــەدوای گـەیشتن كردیـــان وتووێژ
بەلاّم نەچــووە سەرهەیبووچەندڕاوێژ
نەجاشی پرســــــی لە پـەنـا بــــەران
بۆچی گـرتوویانە ڕێـگـای هەندەران
كەهاتن بــــۆ لای لێ‌یكردن پرسـیــار
لـەســـەر چ دیـنـن بۆم بكـەن دیـار
لـەڕێـگـای خۆتان بـۆچـــی لاوداوە
بۆچی ڕاو كـردووە لـەبـۆ ئـەم ناوە
(جعفـــــــر)كـوڕ ی ئـەبـوو(طـالـب)ی
وەلاّمـــی داوە زۆر بــــەئـــەدەبـــی
بتمان ئەپەرســـت ، وتی ئەی پاشــــا
لەوەی كە باشـــە كردبومـــان حاشـا
یەكترمان نــاویست نـا بوویــن بەبرا

لەناومان هەبوو چەند شەڕو هەرا
پێغەمبەرێك هات ناوی (محمد)
ڕزگاری کردین لەگشت کاری بەد
ئێستا ڕێمانە خودا پەرستیی
یاسا قورئانە هەروا بۆ ڕاستی
ئەمەیان زانی کەگەڵ وهۆزمان
زۆریان ئازاردایـن تـابین پەشیمان
پەنامان هێنا تاببین ڕزگار
لەسێبەری تۆدوور بین لەئازار
نەجاشی وتی کەمێك لە قورئان
لە بۆ ڕاستیتان بخوێنە بۆمان
خۆێندیەوەسورەی(مریم) بەسەربا
تائایەی(یوم ابعث حیا)
لەگەڵ قەشەکان لەدوایخوێندنەوە
هەموویان وتیان، پاش بیرکردنەوە
ئەم فەرموودەیە لەیەك سەرچاوە
کەوا ئینجیلی عیسای هێناوە
جا بڕیاریاندا ژیانیان بەرنەسەر
تالەلای وی بن دووربن لەزەرەر
دەلێدەن هەموو سەلات وسەلام
لەسەر (محمد) ڕابەری ئیسلام
* * *

هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆی ئابووری

گەورەیقورەیشیان پێنجیان هەستان
بـــەرامبـــەر بەمە بەتونـدی وەستـان
(هـیـشـام) و(مـطعم) لەگەڵ(زبیر)ی
هــەروەهـــا(زمــعه) و(ابو البـــحتری)
وتیان بــابـەس بـی کـاری نـاڕەوا
بەنـــو (هاشم) و(مطـــلب) بـــۆوا
لەژێر ئەشـکـەنـجـــەو ئازاردا بـژین
بۆ نە یان بێ ژین ؟ بۆچی بیان کوژین؟
جاداوایـان کرد بشکێـنن پـەیـمـان
ئەم ئابڵـوقەیە لابـــەن لـەسەریـان
بەتـەنـــــها(ابــوجـــهل) نیـــازی
لەگـەڵ نەشکان بوو پێی نەبوو ڕازی
(مطـعم) گوێی نەدا ئابڵوقەی شکانـد
لاپەڕەی بڕیار لەپێشیان دڕاند
ئەم هەواڵەی بیست یەکسەر پێغەمبەر
بۆ موسڵمانان ڕایگەیان خەبـــەر

*   *   *

هاتنی چەند کەسێکی حەبەشی بۆ لای پێغەمبەر

هەرلــەوماوەدا رێیان گرتەبــەر
(٢٠) کەس حەبەشی بۆلای پێغەمبەر
بوو بەهاورێیان هەروەها (جعفر)
رەوانیان کـــــردن تابیەن خەبـــەر
خۆی وکـرداری ببینن بە چــاو
بزانـــــن وایــە وەك دەیهێنن نـــاو
بەراوردبکەن وەسف وپێناســـی
لەگـــەڵ کتێبان کە هـــاتووە باسیی
لەلای پێغەمبەر ئینجا هەموویان
گەڵـــیێ بەوردی گوێیان دا قورئـــان
کاری لێکـــردن بەدڵ وبەگیـــان
بـــاوەڕیـــان هێنا بۆنە موسڵمـــان
(ابو جهل) هات لە بۆ لای ئەوان
وتی نەمـــدیوە وەك ئێـــوە نـــەزان
بۆ هواڵ زانین گشت ڕەوانکران
ئێوە چـــۆن وازوو پێو هێنائیمـــان
وەڵامیان داوە بەدڵێکی پـــاك
ئێمەو کـــردەوەن خراپ بێ یا چاك
ئێوەش هەروەها گشت کردەوەتان
لەبـــۆ خۆتابێ، بێ درێژە پێـــــدان
دەلێدەن هەموو سەلات وســـەلام
لــەسەر (محمد) ڕابەری ئیســــلام

* * *

چوونی پێغەمبەر بۆ (طائف)

پێغەمبەر زانی لەبەر دڵ رەقیان
قورەیش دوورن لەئیمان هێنـــــان
ئینجا لەو ماوە ڕێگای گرتە بەر
لەبوو (طائف) چوو سەییدی سەروەر
رێیان نیشان دا، بن بەئیسلام
بەلاًم زۆر بەد بوون نەیـــاندا وەلاًم
بۆ هەرلارۆیی رێزیان ڕانەگرت
لەهەموو لایـــان ، بەردیان تێدەگرت
گەڕاوە مەککە ، بەدڵی شکــاو
بەلاًم دینی خـــوا دەبێ دەرکا نـــاو
* * *

شەوڕۆیی پێغەمبەر

سالْی دوانزە بوو خۆشەویستـــمان
شەوڕۆیی بۆکرا بۆ قودس وئاسمان
هەروا لەم شەوە میعراج رووی داوە
واتـــە بـــۆ ئاسمان رەوان کـــراوە
ئەو پێنج نوێژە ،لەوێ دانـــــــراوە
لـــەبـــۆ هەمومان وەك یەك ناسراوە
لەپێش ڕۆژهەلاْت ئینجا گـــــەراوە
چی بەچاو دیبووی هەمووی گێڕاوە
خاوەنی بڕوا زوو کردی بـــــڕوا
لای سـەیـر نـەبوو کـردەوەی خـوا
لە(بیت المقدس) لێیان کرد پرسیار
جێگا بەجێگا لـەبـۆی کـردن دیـار
چەند وشترێکە هـــەروەهـا وتیـــان
بـەرەو مـەککە دێ بۆمان کە بـەیـان
وەلاْمی داوە بەلاْم بێ دینــــــــان
لەبەر ملهوری دوور بوون لەئیمـان
سەلەوات لێدەن لەسەر پێشــــەوا
واتـــە (محمـد) پێغەمبـەری خـوا

* * *

بانگەوزای پێغەمبەر بۆ هۆزەکان

لەبەر بەدکاری وخۆ بەزۆر زانـــین
قوریـــش دوور بوون لەڕی بانگی دین
پێغەمبەر دەچوو بۆ ناو هۆزەکـان
کــــاتـــی بــازاری هەموو وەرزەکان*
بانگـــــی دەکردن تابێنن ئیمـــان
هەنـــــدێ لـــەوەلاّم ناشـیرین دەدوان
لەمەدینەیان شەشی خەزرەجیـــی
وەلاّمیان داوە جوان بوو ئامانجــــــی
ئینجا پێغەمبەر کەمێك لەقورئـــان
لەبۆیخۆێندنەوەگوێیان گرت گشتیان
دوای بیرکردنەوە بەبیریا دا هـــات
وتـــەی جوولەکان لەگەڵ بەســـەرهات
کەپێغەمبـەرێك دێتن لـــــەم مـاوە
ئـەمـە خـــۆیـەتـی هـەروەك وتراوە
جائامادەبوون،بۆئیمان هێنـــــــان
بەلاّم بەمەرجێك ، پێیـــانـــدا پەیمان
گشت تیرەکانیان بەیەك بگەینـــیٚ
ئاشتیان کاتـــــەوە شـادی دابینـــیٚ
جـا بـۆ مەدینە ڕێیـان گرتە بــــەر
بەسەر هات چی بوو پێیاندا ن خەبەر
هـــــەر لەوکاتەدا بەزۆری لــــەوان

برۆایان هێنـا بـوونـه مـوسـڵمـان

لەئەوس وخەزرەج بۆلای پێغەمبەر

هاتن پاش ساڵێ هەموویان یەکسەر

لـەعـەقبەدا پـەیمانیـــان وادا

هەرخـــوا بناســن کەسیان لا نەدا

دوای وان (٧٢) وهاتن بەو حـاڵە

لەکاتی حـەجـدا لـەپـاش ئـەو ساڵە

لەگەڵیاندا بوو هەروادوو ئافرەت

هـەمو ویـستیـان ببیـنن حـەزرەت

پێغەمبەر فەرمووی زۆربەنهێنی

بچـنـە عەقـەبـە کـەس نـەیـان بیـنی

جاکە تیپەڕی سێ یەکی شـەوێ

بـۆ لایـان رۆیـی بیان بینـێ لـەوێ

هەروا حازربوو،مامیش(عـبـاس)

ویـستی چەنـد شتێ بۆیان بکا باس

وتــی (محمـد) گـەورەیـە لامـان

پـارێـزگـای کـەیـن ئێمـە هەموومان

بــەلام دەیـەوێ لەلامــان بڕوا

بــۆ لای ئێوەدی پــێ‌ی بێـنن بڕوا

ئێوەش چی‌دەوێ لەبـانگەوازی

بـۆی دابین بکـەن هەمـوو نـیـازی

هەروەها دەبـێ بیـکــەن پارێزی

لەڕاست ئەوانەی ، کەلـەونـین رازی

بەتێکرا وتیان ئێمــە ئامادەین

هەرچۆن بفەرموون خـاوەنی وادەین
بانگەوازی کرد جا بــۆلای خـوا
بۆ رێگـاگـرتــن ، نــاسینـی هەروا
بۆی‌دیاری کردن هەموومەبەستی
بۆ روون کردنەوە رێگای‌سەربەستیی
کــەدرا بڕیار گشــــــت پاڕانەوە
لــــەخـودای گــەورە جــا گــەڕانەوە
سەڵەوات لێدەن لەسەر پێشــەوا
واتـــە (محمـــد) پێغەمبـــەری خــوا
* * *

کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ مەدینە

کە بوو دڵنیـــا ، ئینجـــا پێغەمبـــەر

فەرمانی دەرکرد لەبۆ چوونــە دەر

بۆوەی کـــۆچ بـــکـــەن تـــابـــبن رزگـــــار

بچنە مەدینــە دوور بـــن لـــەئــــازار

کـــۆمەڵ کـــۆمەڵ و تـــــاك تاك نهێنـــی

کۆچیان دەکردوکەس نەی دەبینی

ئەبوبەکـــریـــش کـــۆچ بکـــا ویـــســتـــی

وتی رێـــم بـــدە بـــەخـــۆشـــەویـــســتـــی

وای زانـــی کـــاتـــی هـــاتـــووە بـــەلاّم

رێگای پـــێ نـــەدا لـــەودەم لـــەوەلاّم

فەرمووی‌تایەکێك رێت لەگەڵ دەگرێ

ببن بەهـــــــاورێ لـــەگـــەڵ یـــەکـــتری

بەمە دڵـــخـــــوش بوو، زۆر (ئەبوبەکر)

زانی هاورێکـەی خۆیتی پێغەمبەر

*　　*　　*

کۆبوونەوەی قوریش لە(دار الندوە)

قــوریــش بینیــان ئیســلام هەیتــی هێز
لای مەدیــنــەیــان بووینە خاوەن ڕێز
لــە(دار الندوە) گشـــــت کۆبــونـــەوە
بــــۆوەی چارێکـــی بــۆ بدۆزنـــەوە
هەندیك دەیانویست بیکەن دەست بەسەر
هەندێك یش ویستیان بیکەن دەربەدەر
جـــــا(ابو جهل) مـــلهــوڕی بــەدكــار
وتـــی بیکــوژن گشــت بــووینە بێزار
بــەلام بــەجــوریٚ چ کــەس نــەتــوانیٚ
تــۆڵـــەی بستێنیٚ یەك لـــەخزمانـــی
لەهەر تیرەیــــەك گــەنجێك کـــەن دیــار
تا لەکوشتنی گشــت بــبن بـــــەشدار
هەر کاتێك هـــات وجــیٚ بــەجــیٚ کــرا
خوێنی پەرت ئەبـــیٚ لەناومان تێکڕا
ئێمە ئـامـــادەین لـەپــاش کوشتـنـی
بەزوویی هەرچــەنـد ویستیان خوێنی
گشت پەسەندیان کرد هەستان بەم کارە
وتیان بــــەڕاستـی ئـەمـەیـە چــارە
سەلەوات لێــدەن لــەســـەر پێشـــــەوا
واتـــە(محمــد) پێغەمبەری خــــوا

* * *

کۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە

جـبریـل هاتـە لای خۆشەویستمان
ئـاگـاداری کـرد لـەهـتـەموو پـیـلان
مـەککـە جـێ بێلـن بـڕۆن بـەکجار
بـچـنـە مـەدیـنـە خـۆ بـکەن قوتار
پاشی نیوەڕۆ سەییـدی سـەروەر
(ئـەبـوبـەکــر)ی دی ڕێ بـگرنە بەر
هەروەها ویستی بـە شەو دەربچێ
بــەلام شەودوشمن بوونەئێشـك چی
بــۆ وەی نەیەڵن لــەمــاڵ بێتەدەر
لەگەڵ یەك لێی دەن بیکوژن یەکستەر
جـا گوتیـە عەلی لەجێی پاڵداوە
بـۆ وەی وابزانن لەجیچی خۆی ماوە
لــەو کاتــە دەرچوو لەخوا پاڕاوە
هەستیان پێنەکردکەسیان لەم مـتـاوە
ڕێگای گرتەبەر بەخـۆی و(صدیق)
بۆ ڕێی وا پـیرۆز، کـردی بـەرەفیـق
ئینجا بـەیـانـی زور بـــە نامەردی
چوون بۆ ناو ماڵی بـەلام نـەیان دی
زانیان نەماوە خۆی کردووە ڕزگـــار
(ابـــو جهل) هـات نـەزانـــی زۆردار
لەدوویان دەرچووبەخۆیوچەند سوار

هەتاغاری (ثور) ڕۆیـن هەر بـــه غـــار
لــــەسەر فەرمانی خودای کردیـــگار
دوو کۆتر کردیان لانــه لــەســەر غــار
لـــەو دەم هێلکەیان لەناو کرد هەوا
بـــۆوەی بـاوەڕکـەن هـــر زوو بـــڕوا
جاڵجاڵوکەش هات دەرگای لیٚ تەنین
وەهای نیشاندان کەسیان لەژۆر نـــین
ئـەمەیـان بینـــی نـەیـانـما گومان
گشت گـەڕانـەوە بـــیٚ دیـن وئیمـــان
رابـەری ڕیٚـیــان (عبدالله)ی (ارقط)
لەدوای سیٚ ڕۆژ هات لەبۆلای حەزرەت
ئینجــا لـەگـەڵ یەك لـەلای کـەنــار
ڕێـیـــان گـرتـه بـەر تـانـەبـن دیـار
ماوەی هەشت ڕۆژان ڕۆین بەڕێگـــا
جـا گـەییـه قـەبـا دیـاری کرد جێگـا
مزگەوتی یەکەم لـەو شوێن دامەزرا
خۆشی کــــاری کرد تـاتــەواو کـــرا
ڕێگای گرتەوە لـەبـۆ شاری جوان
واتـــه مەدیـنــه شـاری پـشـتـیـــوان
لـــەبـۆ هاتنـی بـبـون چـاوەڕوان
هەرکەسێك دەیویست لەوببیٚمـیـــوان
پێغەمبەر فەرمووی لەهەرجیٚوشتر
ویستی یخ ببیٚ ئـــەو جــیٚیـه ئـیـتر
دەبێـتـه جێگـام بـــۆ میـوانداری

بۆ جێگای تایبــەت نــەبوو بــڕیــاری
وشترەکە یەخ بوو لـــە گـوڕەپانێك
هی دوو یەتیـم بــوو جێگـا یەکی ڕێك
بەرامبەر ماڵی مەلا (ابــو ایوب) ی
تەقدیر وەها بـــوو لـــەو میوان ببــێ
هەر لەو کاتەدا ئەم شوێنەی کــڕی
بۆ مزگەوت کردن ویســـتی دەربـــڕی
لەبــۆ ئــەوشــارە نــاوی دێ دانــا
لەجیاتی یەسریب مەدینــەی نــاو نــا
ئینــجــا کــەدیتــی هەیە لەم شارە
چەند تیرەی ناڕێك زوو کردی چـــارە
موهاجــرەکــان واتــە کــوچبــەران
لەگەڵ (انصــار)دا وەك بـــرا دەژیــان
هەروا ڕێــکــەوتــن لەگەڵ جولەکان
نـــاکۆکیان نەبــێ بەستیان وا پەیمان
سەڵەوات لێدەن لــەســەر پــێـشــەوا
واتــە (محمــد) پێغەمبــەری خـــوا
* * *

جەنگی بەدر

قورەیشی ، هەردەم لەرێگای ئایین
کۆسپی سەخت بوون لەبەرنەزانین
زانی پێغەمبەر : کەئـەبوو سوفیان
بەرێگایەوە لـەگـەڵ بـازرگــــان
بۆ رێ لێ گرتن دەری کـــرد بڕیار
دەست گیریان بکەن بیاندەن ئـازار
بەخۆیو چەند کەس لەئیمانداران
چوون رێیان بگرن نەیاندەن ئەمـــان
جا ئەبوو سوفیان کەزانـی خەبەر
پیاوێکی هەنارد بۆمەککە یەکســەر
بێن بەهاواری رزگارکەن کـاروان
نەوەك دەزگیرکەن گشت ماڵ وسامان
هەر لەو کاتەدا گرتی ڕێگــای تر
بـۆ گـەڕانــەوە تـا بـبن بـــزر
گەورەی قورەیشی کەپێیان زانــــی
هەموویان هـالـتن بـۆ پشتیـــوانی
(٩٥٠) کەس بـــوون بـــەژمــــار
لەسوارو شترو لـــــەئـەسـپ و سـوار
بەلأم موسڵمان سێســـــــەدوچواردە
بـــۆ ئـەو مەبـەستە ببوون ئـامادە
لای ئاوی بەدر هەموو یـان دابەزین

جــا خوشەویستمان (محمد) ئەمین
دەستی بڵندکرد لــە خـوا پاڕاوە
تێکیـان بـشـکـێنە پــەیمانت داوە
ئینجا لــەو کاتە (١٧) ی ڕەمەزان
شەر دەستی پێکرد لەهەردوو لایان
بەتیرو بەرم هەم بەشــیر و ەشـــان
چاوچاوی نادی گــەرم بـۆ مەیـدان
شێرانی دلێر خـاوەنـی ئیمـــــان
فریشتە بویان بـــوون بە پشتیوان
هەروا لەم ڕۆژە خۆشیخۆشەویست
ئازایی دەرخست پـتر لـەپـێویسـت
شەر کۆتایی هات شکان دووژمنان
(٧٠)بوون بەدیل (٧٠) شیان کوژران
لـــە موسڵمانـان (١٤) پــاڵەوان
بوو بەقوربـــانی ڕاستی ڕێی قورئان
لەڕێگـای ڕاسـت بـێ خـاوەنی بڕوا
دەبێ سەر کەوێ پشتیـــوانە خـــوا
دەلێدەن هـەموو سـەلات وسـەلام
لــــەسەر (محمد) ڕابەری ئیســـلام
* * *

جەنگی ئوحد

قورەیش ویستیان لـــەتۆڵەی بـــەدر
سەرکەوتن بـێـنـن لە شەڕێکی تر
کۆیان کردەوە ئینجا بـــەد کـاران
سیٚ هەزار تـەواو لــە تـاوانـبـاران
زۆربەدورستی‌ڕێکیان خست هێزیان
ئەبوسوفیان بوو سەرکردەی گشتیان
لەبۆ بەرگری نەیویست چوونە دەر
لەجێگای‌خۆیان دەست بکەن بەشـەڕ
بەڵام هەندێکیان نـــەبیوون حـازر
لــە شـەڕی بـەدر ببوونـە ئــاگـر
سەریان گەرم بوو تایبەت گەنجەکان
وایـــان دەزانــی دوورن لـەشکـان
دڵی نەشکاندن بەڵام خـۆشەویست
لەبۆچوونەدەی‌هەرچەندنەیدەویست
خۆی‌و(٧٠٠) کەس ڕێیان گرتە بـەر
لـەبــۆ ئــوحـد بــە (اللـــە اکــبر)
لەسەری چیا تیر هاویـــژ دانـــــران
خۆیان قایم کــرد بــوونە پشتیوان
شەر دەستی پێکرد گەرم بۆ مەیدان
بەتیرۆ بەرم، هەم بەشـیر وەشـــان
لـــەسەرەتـاوەی خـــاوەنـــی بـــڕۆا
سەرکەوتوو بـبـوون بـەڵام لـــەدوا

تـیر هاوێژەکان جێی خۆیان بەردا
تـالآن کـردنیـــان کـەهـات بـەبیردا
ئـەمەیـان زانـی خـــوا نەناسەکان
خالیدی ناودار ، یەکــێ بـوو لـەوان
لەوکاتە نەیبوو بڕوا بـە قـورئـــان
لەبۆیان سوڕا بوون نەیاندان ئەمان
لەپێش و لە پاش هاتن لـەبویـــان
زۆر شپرزە بــوون خـاوەنــی ئیمان
پێغەمبەر خۆشی ببوو بـــریـندار
هەرچەندهاوڕێیان کردیان پارێزگار
شەهید بوو لێیان (٧٠) پاڵـــەوان
حەزرەتی هەمزەش یەکێ بوو لەوان
ئەمە دەرسێك بۆ نابێ موسڵـــمان
لـــەڕێگـا لادەن بـشـکـێـنـن فـەرمان
پاشان برایان لـــەبەر تێـشکـــان
لەلای عەرەب و هەموو جوولـەکـان
زۆر بەبێ هێزی دەهاتنە بەر چـــاو
جا بەنوو نەزیر جوولەکەی بـــەدناو
بەهەلیان زانی کەبێ هێز مـــاوە
وتیان دەیـکــوژین ئیمە لـــەم مـــاوە
بــــەلاّم کەئەمەی زانی پێغەمبەر
زوو دەریکرد بۆ شـــام وخـــالـــەیبەر
ســەلەواتن لێدەن لەسەر پێشەوا
واتـــە (محمد) پێغەمــبــەری خـــوا

*   *   *

جەنگی خەندەق

پاش شەڕی ئوحدقوریشی ویستیان
ئیسلام نەهێڵــن لەناو بەگشتیان
جوولەکەش هەروا لەبەر بەد کــاریی
دەستیان درێــژ کرد لە بۆ هاوکاری
هەروا چەند تیرە بــوونە یاریــدەر
هاتن بەشداربوون ئەوانیش بۆشەڕ
کۆیــان کردەوە هێزێکــی گــەورە
نزیك دەهەزار بۆ ئەم لـــەشــکرە
ئینـجـا پێغەمبەر لەو کاتە بـیستی
لەمەدینەبن دەرنـەچــن ویـــستی
لەسەرڕاوێژی هاوڕێی خۆی سەلمان
خەندەق لێــدرا لــەهەموو لایــان
هەروەها بۆ ناوچەی دەرەوەی شاری
شوورە دامــەزرا وابوو بـڕیــاری
ڕێیان گرتە بەر ئـیـنـجـا بێ دینان
لەبــەرەو رووی وان هــاتن دامەزران
ماوەی بیست ڕۆژی هەرشەڕە تیربوو
شەڕی نێوانیــان بەڕاســتی تیر بوو
ئەوەی موسڵمان پێی بوون شپرزە
جوولەکە ناویان بــەنوو قورەیــزە
دڵ پیس وناپاك شکاندیان پەیمان
ببوون بەپشتگیر لەبۆ قورەیشیــان

لەپاش و لەپیش لێیان دەترسان

مەترسیان زۆربوو بۆخاوەن ئیـــمان

درێژەی کێشا مـــاوەی ئـابلۆقە

گاورپیی تێکچون کەم بووئازووقــە

گشت خێوەتی‌خست ڕەشەبایەك هات

زۆربەی زۆری کۆشت لەمەڕومـالات

کەدییان ئەم حاڵە زانیان نەما چـار

گـــــەڕانەوە مـالٚ هەموو بەیەکـجار

جا ڕزگاریان بوو خاوەن بـــاوەڕان

نەما مـەتـرسـی هێــــزی گاوران

جوولەکەی بەنوو نەزیر کەشکـــان

سەریان شۆڕ ببووهەیان بووتـــاوان

جاخۆشەویستمان دەری‌کردفەرمان

لەناویان بەرن نەیـــان دەن ئـەمـــان

لێیان هاتنە دەست زۆریان لێکوژرا

مـەڕ ومالاتیان گشـــت دابـەش کــــرا

ئێمەش کەیەك بین پشت بەخوابەستین

لەڕێگـــای ئاین بەکـــارمان هەســتـــین

دەبـــین بـەئـاگـر دەبـــین بـە پـــۆلا

ڕووبەڕووی دوشمن دەبـــین لەهـەرلا

زۆردار ناتوانیٚ دەستمان بۆ بێنیٚ

پەنجی پیرۆزمان چـاوی دەردێــنیٚ

سەڵەوات لێدەن لەســـەر پێشـــەوا

واتـــە (محمد) پێغەمــبـەری خـــوا

* * *

ڕێککەوتنی حودەیبیە

سالی شەشەمی کۆچی پێغەمبـــەر
لەگەڵ کۆمەڵێك، ڕێگای گرتە بەر
بەرەوومەککەچووبەنییەتی عــەمرە
قورەیشی بینیان ئەو هێزە گەورە
هەزاروچوارسەد ئیســلامی نـاودار
بۆ چوونە ژووریان نییاندا بڕیـار
جـا لە حــودیبیــە گـفتـوگـۆ کــرا
بڕیاریان لەسەرچەندخاڵ دامەزرا
یەکەم زیارەتی ئـەم ساڵ دوا خــرا
بۆ ساڵێکی تر ڕێگـــای پێــدرا
سێیەم هەرکەسێ بێت بە موسڵمان
ڕەوان کرێتەوە دەبێ لـــە بۆ وان
چوارەمین پەیمان ئەو کەسەی کـەوا
لەئیسلام دەرچێ نەیمێــنێ بڕوا
هات لەبوو لای وان بیــدەنــێ جێگـا
لەسەریان نەبێ لێی بگـــرن ڕێگا
پێنجەم بۆ هەرلا پەیــمــان ڕەوابــێ
لەگەڵ عـەرەبدا وەك یــەکتر وابێ
شەشەم لەنێوان هاوڕێی هەرکامیان
ئەگەر شـەڕڕۆیدانەچنەهاواریـان
ئەم ڕێکەوتنە لەو کاتەدا بەســـــترا

زۆربــەكەڵك بوو پێغەمبەرناســرا
لەلای قورەیـش و هەموو تیرەكـــان
بۆبانگكردنیان لەبۆڕیێی قورئـان
بۆ ناو خۆیـــان بــوو بــەهێمنـــی
لــەبــۆ دەرەوەش توانی ڕاگــەیەنی
نامەی ئایینـــی لـــە بـــۆ پاشاكان
بۆ ڕێگاگرتن پـێی بێنـــن ئیـمـان
واتە هەرقەل و نەجاشـــی وكیــسرا
لەبۆ زۆری تر هەم ڕەوان كــــران
دەلـێــدەن هەموو ســەڵات وســەلام
لەســەر (محمد) ڕابەری ئیســـلام
* * *

جەنگی خەیبەر

لەساڵی حەوتــــەم ویستی پێغەمبــەر
لەشکر رێك خا ، بگرێتن خــەیبەر
بەتوندو تیـــژی هێرشــی بــۆ بــردن
بەماوەیەکی کەم لــــەنـاوی بردن
گشت قەلاَ کانیان یەك بەیەك رووخان
هێزیان لێبردن خاوەنـــی ئیمــان
هەر لــــەوکاتەدا دەری کرد بـــڕیار
لە جێگای خۆبن پیس وبەدکردار
بەمەرجیٚ نیوەی بەرهەمی زەویـــان
لەبۆ ئیسلام پیٚشۆڕبکەن سەریان

* * *

هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی حودەیبیە لەلایەن قوڕەیش

بەنو بـــەکری تیرێك بوون زۆردار
لـــەگەڵ قورەیـــش ببونـــە هـــاوکار
تیرەیخوازەعەش هەیانبووپەیمان
پشتیان بەستبوو بەخـاوەن ئیمـــان
لە بـەنوو بەکری ، یەك خراپ دوا
لەراست پێغەمبـــەر ، پیێ نەبوو بڕوا
یەکیێ خـوازعەیش خێرا هاتە دەم
بەبێ راوەستـــان لێیدا هەر ئـــەو دەم
جا بەنـووبەکری لە بۆ چوونە سەر
تـیری خـوزاعـی ڕێیان گـرتـە بـــەر
قورەیش بەدزی بوونە یاریـدەر
بۆ بەنوو بەکری دە ستی پیێ کرد شەڕ
لـــە خـوزاعەیان (٢٠) پتر کـوژرا
لـەو کـاتـەی کـەبەسـەریـــان دادرا
بەڵام قـورەیش لـەدوایـی ڕووداو
لـــەبەر ڕی کەوتن زۆر ببوون تـــەنگـــاو
هـــات ئەبوسوفیان بۆلای پێغەمبەر
بۆوەی بزانیێ چـــی هەیە خـــەبـــەر
ئـــەم ڕێك کـــەوتنەی کەبەستراوە
وەکوخۆی ماوە؟یان هـــەڵوەشـــاوە

ونی من هـــاتووم بـــۆ لای ئێـــوه

رێك كەوتنەكەمان نـــــویێ بێتـــــــەوه

پێغەمبەرفەرمووی‌ماوەی زۆرماوه

بۆ نویێ بێتەوه ، بـــۆچ قـــەومـــــاوه؟

جـا ئـــەبوو سوفیان زانی زانراوه

پـەیمان شـــكاوه ئـینجــا گـــــەڕاوه

سەڵـــەوات لێدەن لەسەر پێشەوا

واتـــە (محمـد) پێغەمبـــەری خـــوا

* * *

گیرانی مەککە

ڕێککەوتنێ لــەحــودەیبیــە کــرا
لـەلای قورەیشیان کەلەنـاو بـــــرا
پێغەمبەر ویستی بۆ مەککــە بچــێ
بــچێتە ناوی‌و کەسیش تێنەچــێ
خۆی ودەهەزار ڕۆیـــن بـــەڕێـــگا
لـــە (مر الظهران) گــرتیان جێــگا
لەمەککە ئەبو سـوفیـــان هـــاتـــەدەر
بۆ وەی بزانێ چــی هەیە خـــەبـەر
لــەوکاتەبینــی ئاگرێـــــك دیــارە
تێگەیی قەومـــا ، نەیماوە چـــارە
هـەرلەو ماوەدا (عبـــاس)ی نـــاودار
ویستی قوریش بکـــا ئـــاگـــادار
لەدوای دەرچوونی‌لەودەرودەشـــــتە
دی(ئەبوسوفیان) لەودەورو پشتـــە
بـۆلای (محمـد) بـــە ئامۆژگــــــاری
ویستی ڕێی بگرێ تابێ ڕزگـــاری
کوشـتار ڕوونـــەدا بێن دەربـــەدەر
بەمەرازی بوو ڕێگـای گرتە بـــەدەر
لـــەدوای هاتنـــی لــــەڕۆژی دوا
گفتۆگـۆ کـرا پـــێی هێنا بـــڕوا
بۆئەبووسوفیان هەروەهـــاویســـتی

ڕێزێکی هەبێ لای خۆشەویستی
لەبۆقورەیش چونکەسەرۆک بوو
بەخۆی دەنازی لەلایان کۆک بوو
جافەرمووی‌هەرکەس بچێتەماڵی
یابچتە کابە باش دەبێ حاڵی
مەککە یش هەموو وایاندا بڕیار
شەڕیان لەگەڵ کەن تابن قوتار
ئەبوو سوفیانیش گەڕاوە بەتاو
وتی لەبۆ شەڕناوێن یەک هەنگاو
(محمد)ە هات ئێوە قورەیشیان
بەخۆی‌و هێزی نەیێننە پێشیان
بێ ترسەهەرکەس لەمن وادەبی
بێ لەبۆ ماڵم یالەکابەبی
خۆیان شاردەوە زۆر لەپیاوان
لەوشوێنانەدا ولەجێگای پەنهان
کام خاوەنی‌هێزبووخاوەنی‌نازبوو
لەو دەم دەلەرزی کزو لاواز بوو
جالە(کەدا)دا سەییدی سەروەر
هاتە ناو مەککە بێ شەڕو زەرەر
لەلایی (کودا)ش خالیدلەبۆی‌هات
تاریکی نەمابوو، بووبەڕۆژهەلات
لەم ناوەی‌نەهێشت زوڵم وزورداریی
هەمووی داخرا ڕێی نالەباری
پێغەمبەر بەخۆی بتی ڕێزکراو

لەدەوری کابە هەمووی بــرد لەنـاو

عوززاو چەندی تر هەروا لەم ماوە

هەمووی شکاندن خرانـــــــە دواوە

هەرلەوکاتەدا بەخۆیخۆشەویست

لەبۆیدەربرین چەندیاسایپێویست

ئیسلام هاتووە بــۆ مرۆڤ ، گشتی

هەردەم دوورە لە، رەگەز پەرستیـــی

هیچی ترنابێ خـــۆ بەزۆر زانــین

ئادەم لەخۆڵە ، ئێوەش ئادەمیـــــین

ئینجا بــێ ســزا لـەکـاتــی گەرمی

لەگشتیان خۆش بوولەبەردڵ نەرمی

تەنیاچەندکەسێك بۆدوشمن داری

وەکو جاران بوون لەبەر بەد کاریـــی

فەرمانی دەرکرد لـەنـاو بــردران

هەندێکیش هاتن بوونە موسڵمـــان

دەلێدەن هەموو سەلات وســـەلام

لــــــەســـەر (محمد) ڕابەری ئیسلام

*   *   *

حەجی ماڵ ئاوایی

لــە ساڵــی دەیەم دەری کرد بڕیار
لەبۆ حەج ڕۆیی خۆی دەهـــــــــەزار
ئــەم حــەججە ناونرا بەماڵئاوایی
هیچی تر نەچوو چونـکە لەدوایـــــی
لــــەعەرەفــەدا خوتبەی لەبۆ دان
مافی مرۆڤی بۆ کردن بەیــــــــان
فەرمووی خوێنــی یەك،نابێ‌بڕێژن
پاش ملەی یەکتر خــراپــــە مەبێــژن
ماڵی‌یەك نەخۆن بەدزی‌وزۆرداری
هەموودەم دووربن لــــــەخراپەکاری
داوێن پیــس نەبن لەگەڵ یەکتری
دەبێ موسڵمان ڕێـــگای ڕاست بگری
لەسەر ئێـوەیە ئافرەتیش مافیان
بۆیان ئەنجـــــام دەن ڕەفتاری جوان
لەگەڵ یەکـتری هەموو یەکسانین
بەڕێز لای خـــــودا بگرێ ڕێ‌ی ئایین
بۆتان جێ‌دێڵم حەدیس وقورئان
یاســـــای ئێوەیــە تامــاوە جیهــان
سەری بــڵند کـرد لەخوا پاڕاوە
خوایە چیت فەرموو کردم لەم مـــاوە
ئایەی (الیوم، اکــملت) لەو کات

هات بۆیخوێندنەوەلەودەم پێش بڕوات

جا بەم ئایەتە فـەرموودەی خوا

کۆتایی پیٚهات بۆی نـــــــەهات لەدوا

سەڵەوات لێدەن لـەسەر پێشەوا

واتە (محمد) پێغەمبەری خـــــــــــوا

*   *   *

کۆچی دوایی پێغەمبەر

دوای حەج کردنی ئینجا گـــــەڕاوە
لـــــــەبۆ مەدینە بەڵام لـــەم مــاوە
نەخۆشی توش بوو زۆری دائـــــــازار
موسڵمان تێکڕابوی‌ببوون خـــەمبـــار
بەڵام هەرچۆن بێ لەبۆ مـــــزگــــەوت
هات وچۆی دەکــــرد تا لەپـــێ کەوت
خاوەنی ئیمان کە ئەمەیان بیســــــت
زانییان دەڕوا لایان خۆشەویســــــت
هەموویان تێکچون بەشۆکان گشتیتـــان
دڵیان تەنگ ببـــوو لەبۆی دەگریـان
بەڵام کاری خوا دەبێ ســــــــەرگرێ
خۆشەویســـــتی ویش دەبێ بـمرێ
لـــەڕۆژی (١٢)رەبیعـــــــی یـــەکەم
(١١) ی کۆچی بوو لەڕۆژی دووشــــەم
تەم دنیای داگرت لـــەنـاو ئـاوایـــی
(محمـد) کـــردی کــۆچـــی دوایـــی
ئەم خۆشەویســـتە هەموو مەبەستــــی
دەیویست دوربین لەبت پەرستــــــی
هەم لـــەکـــوشتن وئـارەق و قومـــار
لەدزی‌و دورووییو کاری ناهـــەمـــوار
درێغی نەکرد پێی هێنــا بـــــڕوا
دووری خســـتن لەکــاری نـــاڕەوا
جیاوازی نەهێشت هەروا لەناویـــــان
هەژارو هەبـووی دانـا بەیەکســـــان

تەرازووی دادی لەو ڕۆژ هەڵـــــواســی
هەموو چینێکی وەك یــەك دەنــاســی
مافی دیارکرد لە بۆ ئـــــــافرەتـــــان
بەرزی کردنــەوە لـەنــزمی ژیــــــان
چ کەسێــك نـابـێ بـــەخۆی بنــازێ
مەزن کەسێکە خــوا بـێنیــــــــازی
هــــەروا دایمەزراند بناغەی ئاشتـــیی
ڕێگای پیشاندایین لەبۆ زانـــســــتیی
لەبۆمەیبەجێهێشت حەدیس وقـــورئان
بوو بەیاســامان تــاماوە جیهـــــان
ئـــــەمە کورتێك بوو نووسیم بــەوردی
بۆ یادکردنەوە بەزمـــانی کـــــــوردی
دەپــارێـــــــمەوە هەردەم لـــــــەخـوا
لێمان خۆش ببــی لـــــەڕۆژی دووا
لــــەگـــەڵ یـــــەکتری ببین بـــــــەبرا
دووربین هەموو دەم لەشـــەڕۆ هــــەرا
رزگـــارمــــــــان بکا لەدەستـــی زۆردار
چیتی نە بینن ژینـی نـــــالــەبــار
بـــمانپارێزێ هەردەم لــــــــەشـــەیتـــان
بەشادی بچین گشـــت لەکوردســــتـان
جالەبۆ یادی ئەم پێـــشــــەوایـــــــــە
هەســتن بووەستن جـــوان ورەوایـــە
بەدەم (فاتیحە) و سەڵـــەوات لێــــــدەن
بپارێنــەوە لـــــە خـــوای میهــرەبان
* * *

سەرچاوەکان

١- السيره النبويه - لابن هشام الانصارى .

٢- فقه السيره - محمد رمضان البوطى .

٣- مع الانبياء- محمد عفيف طبارة .

٤- مەولوودنامەی نەوئەسەر شێخ (محمد) ی خاڵ.

٥-نور اليقين محمد خضرى بك .

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕ
پێشەکی چاپی یەکەم	٩
پێشەکی چاپی دووەم	١١
ستایشی پێغەمبەر (ﷺ)	١٧
باسی لەدایك بوونی پێغەمبەر	١٨
بەدایەن دانی (محمد) و مردنیدایکی	٢٠
چوونی پێغەمبەر بۆ شام	٢١
ڕوخانی کابە بەلافاو و چاك کردنەوەی	٢٢
خوا پەرستی پێغەمبەر	٢٣
سەرەتای دەست پێکردنی وەحی	٢٤
وەستانی وەحی ودەست پێکردنەوەی	٢٦
بانگەوازی دین بەنهێنیی	٢٧
موسڵمانە یەکەمینەکان	٢٨
بانگەوازی بە ئاشکرایی	٢٩
ئازاردانی موسڵمانان	٣٠
کۆبونەوەی قورەیش بۆ هەڵخەڵەتاندنی پێغەمبەر	٣٢
یەکەم کۆچ کردنی هەندێ لەموسڵمانان بۆ حەبەشە	٣٣
ئیسلام بوونی ئیمامی عومەر	٣٤
هاتنی گەورەکانی قورەیش بۆلای(ئەبو طالب)	٣٥
کۆبونەوەی قورەیش بۆ گەمارۆی ئابوریی	٣٨
دووەم کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ حەبەشە	٣٩

هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆی ئابووری.................................... ٤١
هاتنی چەند کەسێکی حەبەشی بۆ لای پێغەمبەر.......................... ٤٢
چوونی پێغەمبەر بۆ (طائف).. ٤٣
شەوڕۆیی پێغەمبەر.. ٤٤
بانگەوزای پێغەمبەر بۆ هۆزەکان ٤٥
کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ مەدینە ٤٨
کۆبوونەوەی قوریش لە(دار الندوة)................................ ٤٩
کۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە ٥٠
جەنگی بەدر.. ٥٣
جەنگی ئوحد ٥٥
جەنگی خەندەق.. ٥٧
رێککەوتنی حودەیبیە.. ٥٩
جەنگی خەیبەر.. ٦١
هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی حودەیبیە لەلایەن قورەیش.............. ٦٢
گیرانی مەککە ٦٤
حەجی ماڵ ئاوایی ٦٧
کۆچی دوایی پێغەمبەر.. ٦٩
سەرچاوەکان... ٧١
ناوەڕۆك ٧٣